# چۆن دوژمنان ڕازی بکەین؟؟

هاوبیر
2006/10/27
hawbyr@yahoo.com.au

ئەندامانی باڵە تێکدەرو لاوازەکەی کاک موستەفای هیجری، تەنیا هەر ئەوە دەڵێن و دەنوسن و بەردەوام دەجوون و دەجونەوە، کەلەلایەن ئاغاکانیانەوە بۆیان دیاریکراوە.
کۆماری ئیسلامی زۆر جارو لەزۆر ڕێگاوە هەوڵیداوە تۆڵەی ڕۆژانی هاوسەنگەری و پشتیوانی شۆڕشگێڕانی ڕاستەقینەی ڕێبازی پێشەواو قاسملو و شەرەفکەندی لەیەکێتی نیشتیمانی کوردستان بکاتەوە، جا ئەو تۆڵەیە چ بەزیان پێگەیاندن بووبێت، چ بەناوو ناتۆرەی جۆراوجۆر، کەهەموشمان زۆر باش دەزانین کە ( ی.ن.ک ) دەریایەو لێڵ بوونی ئەوەندە ئاسان نییە!
یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بەپێچەوانەی ئەو هەڵلاو بگرەیەی کەلەلایەن هەندێک لەگوارە لەگوێیانی کۆماری ئیسلامی، کەبەزۆر دەسەلاتی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان خستۆتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان، لە دیژوار ترین کات و لەرەشترین ڕۆژدا، هاوسەنگەری ڕۆڵەکانی کوردستانی ڕۆژ هەلات بووەو هەردەم شانازیشی پێوەدەکات، هەر ئەوەیش بوو کەلەلایەن حزبی ڕەسەنی دێموکراتی کوردستانی ئێران ناوی هێزی پشتیوانی بۆ دیاریکرا.

بەلام ئایا ئەوەی کەدژی ئەو دڵسۆزی و پشتیوانیەیە، دەبێ چەندە لەخزمەت بەرژەوەندیەکانی دوژمنان دابت؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟ !!!!!!!!!!!!!!!!